# هەگبە دۆڕاوەکانی تەمەن.!



سەرهەنگ حەمە ساڵح
Xamosh_s@hotmail.com

وەرە دەلال...

با ئەم دەڤەرە جێ بێڵین

باچیتر بە دوای

هەگبە دۆڕەوەکانی

تەمەن نەکەوین..

با لە نێو جەستە ڕووتەکانی

پایزی قوبادیش

خۆمان گەرم نەکەینەوە..!

لەگەڵ کۆپلە

بە گرێکانی پەشێویش

تف لە خەبات نەکەین..!

با چیتر بۆ داستانە

پڕ لە ئەفسانەکانی

بێ کەسیش..نەگرین..!

با دەستە بە قڕێژەکانی خەباتیش

بە ڕووی یەکتر..نەسڕینەوە

وەرە با گەردن ئازادی لێك بکەین

پرێسکەیەك..لە یادگاری

مالۆچکەیەك..پڕلە ئەوین

بە کۆڵ دادەین..

با ئەم دەڤەرە ..جێ بێڵین

با ساتێکیش لەگەڵ ئەزەل

بدوێین...!

سلاڵوێك لە نەورەسەکانی

کەناری دەریای شەرم..بکەین

ڕێچکۆلەیەك بۆدەروازەی

فیردەوس بچنین...

بە شەپۆڵی ئازارەکان

گوناهەکانمان..بشۆینەوە..!